PSD Kurdistan

**The Social Democratic Party of Kurdistan**

**Parti socialdemokrati Kurdistan** (rojhelat)

# نا بۆ ئاژاوە و پشێویی ناوخۆ و نا بۆ شەڕی ناوخۆیی

لە دەستکەوتە بەرجەستەکانی سەدەی پێشووی ئێمەی کورد، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستانە لە ژێر ڕابەرایەتی پاشا مەحمودی حەفید، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە رۆژهەڵات، ناچارکردنی حکومەتی ئێراق بە ملدان بە رێککەوتنامەی ١١ ئازار و سەرەنجام دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەگەرچی ئەم حکومەتە لە ناوەڕاستی نەوەدەکان و گەرمەی هەڵبژاردنی پارلەمان لە مانگی ئایاری ١٩٩٥ بە داخەوە تووشی شەڕی ناوخۆ و شەڕی دژ بە کورد هات و یەکێک لە بڕیارە یەکەمەکانی پارلەمانی کوردستان بۆ شەڕکردن دژ بە گەریلاکانی پ.ک.ک بوو، لەگەڵ ئەوەشدا تێکۆشەران و نیشتیمانپەروەرانی کورد، ئەوانەی درێژخایان دەبینن، دەزانن کە دەستکەوتگەلێک وەدەستهێنراون کە هەم دەوڵەتانی داگیرکەری چواردەور لێی تووڕەن و ناتوانن قبووڵی بکەن، هەم دۆستانی کوردیش نیگەران و دڵەڕاوکێی دژوارییەکانی سەرەڕێگان.

هەوڵی دەوڵەتانی داگیرکەری ڕەگەزپەرستی وەکو  تورکیا و ئێران بە درێژایی نیزیکەی ئەو بیست ساڵەی دوایی، خودئاگا و پلان بۆکراو، بۆ ئەوە بووە کە ڕێگا لە گەشەی کورد ڕووەو بە نەتەوەبوون و دامەزراندنی کیانی سیاسیی بگرن.

لە ئێراق‌دا سەرەتا شیعەکان وا خۆیان نیشان دەدا کە دەست وەرنادەنە کاری کورد. نیشتیمانپەروەرانی کورد، ئەوانە کە بە دڵ و بەگیان ئاگایان لە دۆزی کوردە، بەرانبەر ئەمە بە گومان بوون و هەر لە سەرەتاوە زەنگی ئەم خەتەرەیان لێدەدا و سەرکردایەتی کوردیان ئاگادار دەکردەوە. ئێستا شیعەکان دەستیان گەیشتووەتە دەستەڵاتی ناوەندیی و بە حوکمی ئەوەی زۆرینەی ئێراقن باکیان لە سوننە نییە و هەموو هەوڵێکیان بۆ چەسپاندنەوەی ناوەند و بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ئێراقێکی بەهێزی نافیدراڵییە. ئێران و تورکیا، وەک دوو داگیرکەری کوردستان لە مێژە لەم گەمەیەدان و ڕێکخەر و زەمینەخۆشکەری ئەو پیلانانەن و یارمەتی لۆجیستیک، سیاسیی، لۆبیی و شێوەی تر بە حکومەتی مالیکی دەدەن.

ئەو چوار دەوڵەتەی کوردستانیان داگیر کردووە چەندین ئامانجی سەرەکیان هەیە کە زۆر ڕوونە، یەکەمیان،  لە سەرەتادا لە باربردنی ئەو ئەزموونەی حکومەتکردنە لە باشووری کوردستان، لەو ڕێگایەوە کە کرێدیتی نیشتیمانیی بشکێنن و لەبەرچاوی کورد بەدناو و ڕەشناوی بکەن، وا کە کورد وەک ئەڵتەرناتیف لێی نەڕووانێت.

 دووهەم، شەڕکردن دژ بە پ.ک.ک و لێدان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد لە باکووری کوردستانە کە ماوەیەکە لە ڕووی سیاسییەوە سەرجەم هێزگەلی تورکیای نیگەران کردووە.

ئەم دوو ئامانجە هەروەها لێدان لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵاتیش دەگرێتەوە. ئۆپۆزیسیۆنێک کە ئێستا سەرەڕای ئەو هەموو هێزەی باشوور و باکووریش بچووک و حیساب لەسەرنەکراوە، ئەوا

**info@psdkurdistan.org** **Bankkonto (لە سوێد) : 310-7679** **www.psdkurdistan.org**

**(Swedbank)** SE0480000832799133360504 **ژمارەحیسابی بانک لە دەرەوەی سوێد**

دیاره لە کاتی لاوازبوونی باشوور و باکووردا زیاتریش لاواز دەبێت.

بە باوەڕی ئێمە نێزیکبوونەوەی حکومەتی ئێراق لە تورکیا و ئێران و هەموو ئەو هاتوچووە لە ئاستی وەزارەتەکان و کەسایەتی و سەرۆککۆمار، تەنها بە قازانجی شیعەی ئێراق دەکەوێتەوە و بە مەبەستی بە ناوەندکردنەوەی ئێراق و لە ناوبردنی دەستەڵاتی کورد لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێن. هیچ شەڕێکی کورد لە ناوخۆیدا و هیچ قسە دەرپەڕاندنێکی ناسیاسیی و بێمەسئولیەت، کە لەو پەڕیدا بێ مانا و نادروستە، لە قازانجی کورد و کوردستاندا نییە. ئێمە پێمانوایە زەمینەی خۆئامادەکردن بۆ شەڕ دژ بە پ.ک.ک هاتووەتە ئاراوە، و ئەزموونی خەڵکی کوردستانی باشوور لە داوێکی گەورە کەتووە، داوێک کە هەر کوردستانیەکی هۆشیار دەیبینێت و بە جیددی لێی نیگەرانە.

تورکیە بە هەموو نرخێک گەرەکیەتی ناوی کورد، جا لە هەر شوێنێک بێت، بزرێنێت. دیارە شەڕی کورد دژ بە یەک باشترین شێوەی ئەو ناوزراندنەیە.

ئەوانەی دەستیان لە ژێر سەری بێباکیدا کردووە بە سەرین و پێیان وایە کورد ناخرێتە شەڕی یەکترکوشتنەوە لە هەڵەدان. تا ئەو کاتەی مرۆڤی کورد هۆشیار و ئازادیخواز نەبێت، ئەو مەترسییە هەیە کە بکرێت بە ئامراز و وەسیلەی دەستی هەر لایەنێک لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا .

لەم پێوەندیەدا ئەوە وەبیردەهێنینەوە کە هەر لە سەرەتاوە دیموکراتەکان لە ئەمەریکا خواستی خۆیان بۆ بەهێزکردنەوەی ناوەند لە ئێراق و پرۆسەی "ئاشبوونەوەی گشتی" لەو ناوچەیەدا بە گرینگ گرتووە. لەو پرۆسەشدا ناوی هەمووی دەوڵەتانی ناوچەی تێدایە و ئەوەی ناوی تێدا نی‌یە کوردە. بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما کە خۆی خستووەتە سیاسەتێکی پۆپۆلیستییەوە، لەوە ناچێت ئاخری بۆ کورد خێر بێت، گرەو لە سەر نێزیکردنەوەی ئێران و هاوکاریکردنێکی ناوچەیی دەکات. ئەم ڕێبازە ئاماژە بە ڕوانگەکانی کیسنجەر لە سەردەمی "شۆڕشی ئەیلول"دا دەکاتەوە.

ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەم سیاسەتە ناگۆڕدرێت یان هەر وا دەمێنێتەوە، لە هەموو دۆخێکدا فاکتەری کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد هەمیشە گرینگ و شوێندانەر دەبێت. ئەو فاکتەرە تەنها ئەو کاتە قازانج بە ئێمە دەگەیەنێت کە بە هەموو دڵسۆزیەکەوە لە سەر خەباتی کوردستانیبوون و یەکیەتی نەتەوەیی پێ داگرین و بڵێین: نا بۆ شەڕی ناوخۆیی و کورد دژ بە کورد و کوشتنی کوردستانیان و شکاندنی سیمای سیاسیی کورد.

# The Social Democratic Party of Kurdistan

**Parti socialdemokrati Kurdistan** (rojhelat)

حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها لە رێگای هاوکاریی و دیالۆگ و لە ڕێگای بەشداریکردنی هەمەلایەنەی کوردستانییەوە دەتوانێت ستراتیژییەکی نیشتیمانیی لە ناو سەرجەم ڕیزەکانی گەلی کورددا پێک بێنێت، بێگومان نەمان و فەوتانی گەلی کورد لە سەنگەری پێکەوەبووندا سەدان جار و بگرە هەزاران جار بەرزترە لە فەوتان و نەمانی لە پرۆسەی سووککردن و شکاندنی نەتەوەیی و مرۆڤایەتییدا.

ئێمە داوا لە هەموو لایەک دەکەین کە ئەو دۆخ و قۆناخە فرە هەستیارە ببینن، و بە هیچ شێوەیەک بۆیان دەلوێ نەهێڵن کورد بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە بۆ چەندهەمین جار ڕێز و مرۆڤایەتی یەکتر بشکێنن و لەسەر سووککردن و خەوشدارکردنی یەکتر کێبرکێ بکەن.

نا بۆ سیاسەتی ئیسۆلەکردنی لایەنێکی کوردستانیی،

نا بۆ شەڕی ناوخۆیی و نا بۆ بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندیی ئێراق.

بەڵێ بۆ وەدیهێنانی خەونی پڕ هەستی مرۆڤیانە و ئازادیخوازانەی گەلی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دیموکرات!

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

٢٠٠٩/٣/١٢